# نۆژەن



پایزە ئەحمەد

لە نۆژەنرا
خەمەکان باڵ بەسەر
ئاسمان دادەکێشن
دەبن بە پەلە هەور و
تنۆک.. تنۆک، بەسەر
گیانە بێگەردەکان هەڵدەوەرێن..
هەڵوەرینیش ، هێدی.. هێدی
دەبن بە لێزمە و
بەرەو دەریای هار و هاج ،
گیاندارە ئاوییەکان دەشڵەژێن
ماسیە سەرلێشێواوەکان
گێژلوولکە ئاسا خولدەخۆن و
بەرەو ووشکایی هەنگاو دەنێن..
باڵندەکانیش لق بە لق و
کێو بە کێو کۆچ دەکەن
تا نەکەونە بەر ئەو لێزمەیە و
دەریای هار و هاج رایاننەپێچێ ...
سەرەنجام هەر شتێک .. دادەورێتەوە؛
داورانەوەیەک
لەبێهودەیی بێهوودەتر .

سەرەتای ئەیلوولی ٢٠٠٧

بەریتانیا
payzeehmed@hotmail.co.uk